# لادانی زمانی لە دەقە شیعرییەکانی دڵشاد مەریوانی

**ID No. 3301**

(PP 31 - 44)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.4.3

**عطا رشید حسین** **عادل رشید قادر**

بەشی کوردی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی / زانکۆی سلێمانی- سلێمانی

Atta.husein@univsul.edu.iq adil.qadr@univsul.edu.iq

**وەگـــــــرتن : 2019/10/17**

**پەسندکردن : 2020/07/27**

**بڵاوکردنەوە : 2020/11/11**

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە لەژێر ناونیشانی (لادانی شیعریی لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانی "دڵشاد مەریوانی")دایە تیایدا جۆرێک لە پێکەوە گونجان و هاوئاوازی لەنێوان پێکهاتەکانی ڕستە و دێڕەکاندا هەیە بەپێی پێوەر و یاسا ڕێزمانییەکان دەبینرێن و جۆرێک لە لادانیان لە دووتوێی دەقە شیعرییەکاندا بنیات ناوە. وەک ئاشکرایە، لە زماندا بەپێی پێوەرە یاساییەکانی ڕێزمان، جۆرێک لە گونجاندن لەنێوان بەشەکانی ڕستەدا دێتەدی، وەک لەنێوان (بکەر، بەرکار، کردار)دا هەیە، ئەوەش بەواتایەک، کە ئەرکی ڕێزمانی جێبەجێدەکات و نزیکە لە زمانی پەخشانەوە، بەڵام ئەو شێوە ڕێککەوتنە لە زمانی شیعرییدا زۆر بە کەمی دەبینرێت و هەمیشە هەوڵی دارمانی پێوەرەکانی ئەرکی ڕێزمانی دەدات، زیاتریش ناجۆری لە شیعری نوێدا دەردەکەوێت، کە کاریگەریی نەک تەنیا لەسەر بنیاتی شیعریی هەیە، بەڵکو بنەمایەکیشە لە پرسیار و بەهای جوانی و پێوەرەکانی شیعر، لە هەمان کاتیشدا پرۆسەیەکی ڕەخنەیی و مەعریفیشە، بە میتۆدبوونیشی ڕەخنە لە حوکمی ڕەخنەگر ڕزگار دەکات و بوارێکی گشتیش بۆ خوێنەر دەرەخسێنێت، بەم پێیەش دەقە شیعرییەکانی شاعیر زەمینەیەکی دەوڵەمەندە و تیایدا هەوڵمانداوە ئاستی لادان لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانیدا نیشان بدەین بە خستنەڕووی ڕەگەز و جۆرەکانی لادان و شیکردنەوەیان.

هەروەها پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکەش لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە هەر بەشێکیان تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆ نموونە بەشی یەکەم زیاتر تیۆرییە و بەشێوەیەکی زانستییانە لەسەر تەوەرەکانی چەمک و پێناسەی لادانی شیعریی، ڕەگەز و جۆرەکانی لادان کراوە. لە بەشی دووەمیشدا، کە زیاتر بەشێکی پراکتیکییە و کۆڵەکەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بنیات نراوە، کە تیایدا ئەو دەقە شیعرییانەی (دڵشاد مەریوانی)مان دەستنیشان کردووە، کە جۆرەکانی لادانی لەخۆگرتووە و ڕەنگیان داوەتەوە.

لە کۆتاییشدا بە لیستێک ناوی هەموو ئەو سەرچاوانەمان خستووەتەڕوو، کە بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەکەمان سوودمان لێیان وەرگرتووە.

**کلیلە وشە:** لادان، شیعرییەت، زمان، شیکردنەوە، جۆر.

## 1. پێشەکی:

وەك ئاشکرایە، زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێسنوورە و یەکێکە لە پێداویستییە گرنگەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ، کە بەکاری دەهێنێت و بێ بەکارهێنانی زمان ناتوانێ کارەکانی بەئەنجام بگەیەنێت. بەواتایەکی دیکە زمان چووەتە ناو هەموو ڕەهەند و ڕایەڵەکانی ژیانی مرۆڤەوە و هیچ کار و چالاکییەکی ئەدەبی و زانستی و فیکری و فەلسەفی...هتد مرۆڤ بەبێ زمان ئەنجام نادرێت.

لەو چوارچێوەیەشدا، ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ ئاماژەی پێ بدەین کاریگەری ڕاستەوخۆی کەرەستەکانی زمانە لە بنیاتی دەقی شیعرییدا، کە بەهۆیەوە پرۆسەیەکی بنیاتنەرانە و فۆرمێکی نوێی بە دەقی شیعری هاوچەرخی کوردی بەخشیوە و شاعیر لەڕێگەی کەرەستە زمانییەکانەوە هەموو ئەو هەست و سۆز و خرۆشانە دەروونیانەی هەیەتی دەریاندەبڕێت و خوێنەری لێ ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام نەک وەکو بەکارهێنانی زمانی باو، بەڵکو بەوشێوەیەی دەقە شیعرییەکان پێویستییان پێیەتی، چونکە شیعر مۆسیقا و ڕیتمی تایبەتی خۆی هەیە و وا پێویست دەکات شاعیر لە ڕاستە شەقامی زمانی باو دەربچێت و یاری بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و کەرەستە زمانییەکان بکات، تا بتوانێت دەقێکی شیعریی ناسک بنیاتبنێت و سۆزی گوێگر و خوێنەر بەلای دەقە شیعرییەکەیدا ڕابکێشێت. هەر بۆیە ئەم دەستکاری کردنە و گۆڕانکارییانەی کەرەستەکانی زمان لەلایەن شاعیرەوە هۆکارە بۆ پرۆسەی لادانی شیعریی، کە ئەویش دیارترین سیفەتی زمانی شیعرە و شاعیر بە گرنگییەوە کاری لەسەر دەکات. بێگومان هەموو ئەو

لادان و دەستكاری كردنانەی كەرەستەكانی زمانیش پەیوەستە بە توانا و لێهاتوویی شاعیرەوە، كە بەهۆیەوە بتوانێ داهێنان و دەقی شیعری ناوازە بنیات بنێت.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە:

لەڕاستیدا بەشێوەیەكی ئەكادیمیانە توێژینەوە و ئاوڕدانەوەیەكی زانستیانەی ئەوتۆ لەڕووی لادانی شیعرییەوە لە دەقە شیعرییەكانی (دڵشاد مەریوانی) نەدراوەتەوە و باسی ڕۆڵ و گرنگی زمان لە بنیاتی دەقە شیعرییەكانی نەكراوە و بەوردی ئەو پەیوەندییە زمانییەی لەنێوان زمان و شیعرەكانیدا هەیە نەخراوەتە بەر باس و لێكۆڵینەوە، بۆیە ئەمەش هەوڵێكە بۆ خستنەڕووی ئەو پەیوەندییەی نێوان زمان و شیعر لە بنیاتی بەرهەمی ئەو شاعیرەدا.

ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:

لەم لێكۆڵینەوەیەدا، ڕێبازی وەسفی شیكاری بەكارهێنراوە، تا بەهۆیەوە بتوانرێت هەموو ئەو لادانە شیعرییانەی كە هەن بخرێنەڕوو، هەروەكو ئەوەی لە بنیاتی دەقە شیعرییەكاندا ڕەنگیان داوەتەوە.

بنیاتی لێكۆڵینەوەكە:

جێی ئاماژەیە، بنیاتی لێكۆڵینەوەكە لە دوو بەشی سەرەكی پێكهاتووە، كە بریتین لە:

لە بەشی یەكەمدا هەوڵدراوە لەڕووی تیۆرییەوە بەشێوەیەكی زانستیانە قسە لەسەر هەریەكە لەم تەوەرانەی خوارەوە بكرێت، كە ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی لادانی شیعرییدا و گرنگن، لەوانەش وەكو:

چەمك و پێناسەی لادانی شیعریی.

لادان لەڕووی واتاوە.

لادان لەڕووی پێكهاتەییەوە، كە ئەمیش خۆی لەم تەوەرانەدا دەبینێتەوە، كە بریتین لە:

لادانی فۆنەتیكی

لادانی مۆرفۆلۆجی

لادانی سینتاكسی

هەروەها لە بەشی دووەمیشدا هەوڵدراوە لەڕووی پراكتیكییەوە بەشێوەیەكی زانستییانە قسە لەسەر بوونی هەموو ئەو جۆری لادانە شیعرییانە بكرێت، كە لە بنیاتی دەقە شیعرییەكانی ئەو شاعیرەدا هەن و ڕەنگیان داوەتەوە، هەروەكو لە بەشی یەكەمدا ئاماژەمان پێداوە.

لە كۆتایی لێكۆڵینەوەكەشدا، هەموو ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو، كە لە دووتوێی لێكۆڵینەوەكەدا پێی گەیشتووین لەگەڵ خستنەڕووی لیستی سەرچاوەكان و وەرگێڕانی پوختەی لێكۆڵینەوەكە بۆ هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**2. چەمك و پێناسەی لادانی شیعریی:**

وەك ئاشكرایە، لەوەتەی ژیانی مرۆڤایەتی دەستی پێكردووە، مەسەلەی لادانیش كەم تا زۆر لەلایەن مرۆڤەكانەوە بۆ گەلێك مەبەستی جۆراوجۆر بەكارهێنراوە و لە ڕاستە شەقامی ئاڕاستەی ژیان لایداوە. واتە مرۆڤ هەوڵیداوە وەكو داهێنانێك هەندێكجار لە شتە باوەكان دووربكەوێتەوە و شتی تازە و سەردەمیانە بەپێی خەیاڵ و بیركردنەوەی دابهێنێت.

بەواتایەكی دیكە، بابەتی لادان دیاردەیەكی گشتییە و بە درێژایی مێژوو لەنێو مرۆڤەكاندا ڕەنگی داوەتەوە، چونكە ژیان و پێكهاتە گەردوونییەكان بەردەوام لە گۆڕانكاریدان. بێگومان، ئەم گۆڕانكاری و لادانانەش، تا ژیان بەردەوام بێت هەر دەمێنن. كەواتە ((مەبەست لە لادان، شكاندن و گۆڕینی شتە باو و بڵاوەكانە لە هەر بوارێكدا بێت))(ناز ئەحمەد سەعید: 2013، 21). واتە دەكرێت لادان لەبواری ئەدەب، ئایین، سیاسەت، ئاكار، زمان، دابونەریت...هتد بێت، بەڵام ئەو لادانەی ئێمە مەبەستمانە ئەو لادانە زمانیانەیە، كە لەنێو بنیاتی دەقی شیعرییدا ڕوودەدات.

بێگومان، ئەوەش لەكاتێكدا دەبێت كە شاعیر لە سنوور دەرنەچێت. واتە شاعیر ((دەتوانێ، تا ئەو سنوورە بچێتە پێشەوە، كە پەیوەندی دروستكردن تێكنەچێ و بەرجەستەكردن شیاوی دەربڕین بێت))(دلێر سادق كانەبی: 2009، 28) و بتوانێت بەهۆی ئەو لادانە لە زمانی ئاسایی داهێنان بكات. ئیدی ئەگەر بەوشێوەیە بوو، ئەوا خودی لادانەكە بە لادانێكی سەركەوتوو دادەنرێت و شاعیر دەتوانێ دەقێكی شیعریی جوان و ناسك بنیات بنێت و خوێنەر و گوێگر بەلای خۆیدا ڕابكێشێت، هەر بۆیە جوانی دەقی شیعریی پابەندە بە جوانی زمانەوە. هەموو ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن، كە ((زمانی شیعریی جیاوازترین زمانە لە دنیادا، چونكە بەهیچ شێوەیەك نە لە زمانی ڕۆژانەی خەڵك، نە لە زمانی چیرۆك و داستانەكان دەچێت، چونكە ئەوەی بۆ شاعیر هەڵدەكەوێت بۆ هیچ نووسەر و كەسێكی تر هەڵناكەوێت))(محەمەد مەعروف فەتاح"پ": 2010، 100) و زمانی شیعریی زمانێكە بەدەر لە كات و شوێن.

هەر لەو چوارچێوەیەدا (جان كوهن) لە كتێبی (البنیة اللغة الشعریة)كەیدا سەبارەت بە ڕۆڵ و كاریگەری زمانی شیعریی و ڕەنگدانەوەی لە بنیاتی دەقی شیعرییدا دەڵێت: ((زمانی شیعریی لە بنەڕەتدا لادانە لە یاسا و ڕێسا باوەكانی قسەكردن و گوتاری شیعریش، گوتارێكی ناڕێزمانییە بە بەراورد لەگەڵ دەقی پەخشانیدا كە لەسەر ئاستی ڕێزمانی و تایبەت و گونجاندنی واتاییە))(جان كوهن: 1986، 106). بەم پێیە بوونی لادان لە بنیاتی دەقی شیعرییدا خاوەن بوونێكی حەتمییە و دەبێتە هۆی جوانكردن و زیاتر ڕازاندنەوەی دەقی شیعریی. بەواتایەكی تر ((لادان، ڕەنگێكە لە ڕەنگەكانی گوتەی شیعریی و دیاردەیەكی سەرەكی زمانی شیعرە، جیایە لە گوتەی زمانی ئاسایی))(خانزاد عەلی قادر: 2004، 94). كەواتە ((زمانی شیعری بەهۆی لادان لە زمانی ڕۆژانەوە دروست دەبێت))(شەیدا ڕەشید محەمەد: 2016، 89) و شاعیر بەهۆیەوە شێوازێكی نوێ لە بنیاتی دەقە شیعرەكانیدا بەكاردەهێنێت بە مەبەستی ئەنجامدانی نوێگەری و ڕاكێشانی سەرنجی خوێنەر.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە لادان بریتییە لە ((شكاندنی یاسای ڕێزمان و یاسای واتاسازی بۆ پێكهێنانی پەیوەندی نوێ و مانای نوێی نێوان وشەكان و دەرچوونە لە شێوازی ئاسایی زمان و دروستكردنی زمانی شیعریی زیندوو، كە سەرنجی خوێنەر ڕابكێشێت و كاری تێ بكات، هەروەها دووركەوتنەوەیە لە شتی باو و ئاشنا)) (ناز ئەحمەد سەعید: 2013، 27). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە ((لادان لە زمانی باو، ئەو ڕەفتار و چالاكییەیە، كە سیما و خەسڵەتی شیعرییەت بە دەق دەبەخشێت))(جان كوهن: 1999، 10).

بێگومان هەموو دەقێكی شیعرییش بۆئەوەی بگات بە پلەی چەمكی شیعرییەت، دەبێت پێش هەموو شتێك دەلالەتەكانی تێدا بێت، پاشان بەهۆی زیرەكی و بەرفراوانی پاشخانی ڕۆشنبیریی خوێنەرەوە بدۆزرێتەوە و خوێنەر پەی پێ ببات. كەواتە ((هەتا ڕێژەی لادان لە بنیاتی دەقی شیعرییدا زۆر بێت، زمانی شیعریش دەگاتە پلەی كاریگەرێتی))(محمد رضا المبارك: 1987، 211). لەڕاستیدا، ئەمەش بەو مانایە دێت كە بوونی لادان لە بنیاتی دەقی شیعرییدا مەسەلەیەكی هەنووكەیی و پێداویستییەكی گرنگە و وەكو دوانەیەكی گرنگ وان لە بۆتەیەكدا، هەر بۆیە (بە لابردنی لادان، یان بەرتەسككردنەوە و بچوككردنەوەی لە بنیاتی دەقی شیعرییدا، شیعر نامێنێ)( جان كوهن: 1986، 129)و ئەو دەقە ناسنامەی شیعریی ون دەكات. لەلایەكی تریشەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ، كە زمانی شیعر جیاوازە لە زمانی باو و قسەی ڕۆژانەی ئاخێوەران، بەڵام هەموو لادانێك لە بنیاتی هەر دەقێكی شیعرییدا كارێكی ئاسان و ئاسایی نییە، بەڵكو پەیوەستە بە ڕادەی توانا و لێهاتوویی شاعیرەوە، كە بتوانێ لە كەرەستە زمانییەكان مانای نوێ و داڕشتنی نوێ بە زمانە شیعرییەكە ببەخشێ و دەقێكی زیندوو و كاریگەر لەسەر خوێنەر بنیات بنێت. هەروەها هەر بەهۆی ئەو دەست ڕەنگینی و شارەزاییەی شاعیرەوە، كە دەتوانێت بەها و ئیستاتیكای شیعریی لە بنیاتی دەقە شیعرییەكەیدا بەرجەستە بكات و ئەركی دەلالی زیاتر بە دەقە شیعرییەكە ببەخشێت.

لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین هەموو دەقێكی شیعریی كەم تا زۆر لادانی تێدایە، بۆیە هەموو ئەو ئەدگار و پێكهاتەی شیعر، كە لە دەقێكی شیعرییدا بوونیان هەیە و بەرچاو دەكەون دەبنە هۆی ئەوەی كە دەقی شیعریی لە دەربڕینێكی ئاسایی و جۆرەكانی تری ئەدەب جیابكاتەوە. تەنانەت زۆربەی جار دەقی شیعریی دەوەستێتە سەر جۆر و ڕێژەی ئەو لادانەی شاعیر لە بنیاتی دەقە شیعرییەكەیدا بەرجەستەی كردووە.

شایەنی باسە هەموو ئەمانەش لەلایەك پەیوەستە بە ویژدان و هەست و نەستەكانی شاعیرەوە، لەلایەكی تریشەوە پەیوەستە بەو قۆناغ و سەردەمەی، كە دەقە شیعرییەكەی تێدا لەدایكبووە، چونكە مەبەستی سەرەكی شاعیر لە بەكارهێنان و بەرجەستەكردنی لادان لە هەر دەقێكی شیعرییدا بۆئەوەیە زمانێكی كاریگەر و سەرنجڕاكێش لە بنیاتی دەقە شیعرییەكەیدا بەكاربهێنێت و دەقێكی نەمر و زیندوو بخاتەڕوو، بۆیە دەتوانین بڵێین: ((شیعر سیستەمێكە لە لادان))(سافیە محەمەد ئەحمەد: 2013، 77). نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو ڕۆڵ و گرنگی مەسەلەی لادانی شیعریی دەبێتە هۆی زیاتر دروستكردنی پردی پەیوەندی لەنێوان شاعیر و خوێنەر "وەرگر"دا، بۆیە پێویستە هەموو شاعیرێك لەو ڕاستییە تێبگات و بزانێتكە مەسەلەی لادانی شیعریی و بەكارهێنان و بەرجەستەكردنی لە بۆتەی هەر دەقێكی شیعرییدا ((ئامانج نییە، دەنا تێكست دەگۆڕا بۆ زمانێكی بێهودە و پەیامێكی پڕ لە فەوزا، بەڵكو لادان هۆكاری شاعیرە بۆ بەرهەمهێنانی زمانێكی شیعریی، تەنانەت لەنێو زمانی پەخشانیشدا))(ئیدریس عەبدوڵڵا: 2013، 77). هەروەها دەشبێتە هۆی زیاتر ڕوونكردنەوەی بەرهەمهێنانی دەقی شیعریی.

**3. مەرجەكانی لادان:**

لەگەڵ ئەوەی لادان لە بنیاتی هەر دەقێكی ئەدەبیدا بە گشتی و دەقی شیعریش بەتایبەتی، خاوەن بوونێكی حەتمی و گرنگە، بەڵام هەموو ئەوانەش دەبێ بەپێی پلان و بەرنامە بێت، نەك لەخۆڕاو بەپێی حەز و ویستی شاعیر بێت، بۆ ئەو مەبەستەش زانایان پێیان وایە هەموو لادانێكی دروست دەبێت ئەم (2) مەرجەی تێدابێت، دەنا لادان هیچ سوودێك ناگەیەنێت:

((1- لادانەکە بەشێوەیەک بێت لە چوارچێوەی ڕێگەپێدراوی ڕێزماندا ئەنجام بدرێت.

2- دەبێ لادانەکە سوودێک بگەیەنێت، چونکە لادان لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامانج لە لادان دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر، بۆ ئەوەیە خوێنەر بەوشێوەیە ئاڕاستە بێ، کە واقیع و خەونی نووسەرەکە دەیخوازێت))(ئیدریس عەبدوڵڵا: 2010، 63-64).

لەکۆتاییدا دەکرێ بڵێین، چەمکی هەموو لادانێک لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا چڕبکەینەوە، کە بریتین لە:

دیاردەیەکی ئەدەبییە، لە شیعر و ڕۆمان و وتار و شانۆدا هەیە، بەتایبەتیش لە بنیاتی دەقی شیعریدا.

بەواتای دوورکەوتنەوە و تێپەڕین لە دەستوور و یاسا و داب و نەریت و زمانی ئاسایی دێت.

بە چەندین ڕێگا و لە ئاستە جیاجیاکانی وەک: دەنگ، ڕێزمان، واتا، تەنانەت واقیع و لۆجیکیش...هتد ئەنجام دەدرێت.

لادان پێوەر و یاسایەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو شاعیرانە و نووسەرانە بەمەبەستی جوانکردن و بەخشینی واتای نوێ ڕێگە بە خۆیان دەدەن ئەنجامی بدەن.

**4. جۆرەکانی لادان:**

**5. لادانی واتایی:**

وەک ئاشکرایە، یەکێک لەو ئاست و ڕەهەندانەی ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە ڕەنگدانەوە و بەرجەستەکردنی لادانی شیعری لەنێو بنیاتی دەقی شیعریدا لادانی واتاییە، کە مەبەست لێی لادانە لەو پێوەرانە کە ((بەیەکەوە هاتنی لێکسیکەکان دیاری دەکەن. واتە لادان لەو سیما واتاییانەی کە زاڵن بەسەر بەکارهێنانی لێکسیک لە زمانی خۆکاردا))(دلێر سادق کانەبی: 2009، 40). لەو چوارچێوەیەشدا شاعیر بە سوودوەرگرتن لە کەرەستەکانی زمان هەوڵدەدات جۆرێک لە بەخسینی واتای نوێ بە وشە و دەستەواژە بەکارهاتووەکان ببەخشێت و بەهۆیەوە جوانکاری لە بنیاتی دەقە شیعرییەکەیدا بکات و سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و چێژیان پێ ببەخشێت. بەمەش جوانییەکی زیاتر بە دەقە شیعرییەکەی دەدات. بەواتایەکی دیکە، شاعیر بە سوودوەرگرتن لە لادانی واتایی زیاتر ((واتاکان قووڵ دەکاتەوە و لەڕێگەی لادان و بەرجەستەکردنی ئەرکی شیعرییەت دەلالەتێکی نوێیان پێ دەبەخشێت، کەشێکی نائاسایی و نامۆ دەخولقێنێت))(ناز ئەحمەد سەعید: 2013، 253). بەوەش شاعیر گۆڕانکاری بەسەر بنیاتی وشە و دەستەواژە بەکارهاتووەکاندا دەکات و شێوازێکی جیاواز و بابەتی نوێخوازی ئەنجام دەدات.

کەواتە لادانی واتایی ((لەئەنجامی گەیاندنی واتا دوور لەشێوە باوەکە بەدی دێت، دەتپێکی ئەم کارەش لە دەستکاری کردن و گۆڕینی پەیوەندی نێوان نیشانکار (دال) و نیشانکراو (مەدلوول) سەرهەڵدەدات))(سافیە محەمەد ئەحمەد"د": 2013، 150). تەنانەت هەر گۆڕانکارییەکیش لەو پەیوەندییەدا ڕوودبدات دەبێتە هۆی گۆڕان لە واتادا. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو کرۆک و ئەرکی ئەم جۆرە لادانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە تێیدا ئەرکی ((هەرە گرنگ و بناغەیی واتا، پوختەکردنی داهێنان و هۆکاری پیرۆزیی قەسیدەی لە ئەستۆدایە، بەو پێودانگەش شاعیر ئەو مافە بە خۆی دەدات سنوور و ڕیزبەندی لە سیمانتیکی زمان ببەزێنێت و هەموو مەوداکان سەبارەت بە پڕی واتا و واتاگۆڕی و خولقاندن، ڤاڵاییکی پڕاوپڕ لە چالاکی بۆ بڕەخسێنێت))(ئازاد ئەحمەد مەحمود"د": 2009، 35). جگە لەوەش لادانی واتایی خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ((شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمان و پەیوەندییەکی پتەویان بە گۆڕینی مەبەست و واتا و تێگەیشتنەوە هەیە، واتا نەک هەر واتای سەردەم دەگۆڕن، بەڵکو دەبنە بار و ئەرک بۆ گوێگریش ))(محەمەد مەعروف فەتاح"پ": 2007، 18). کەواتە بۆ ئەنجام گەیاندن و ڕەنگدانەوەی لادانێکی واتایی ئامانجدار دروست دەبێت ((شاعیر ڕێگایەکی نوێ بگرێتە بەر بۆ گوزارشتکردن و دەلالەتی نوێ بە وشەکان بدات، نەک هەر لێکچواندن و دەلالەتە کۆنە سواوەکان دووبارە بکاتەوە. هەروەها پەیوەندی نوێ لەنێوان وشەکاندا بدۆزێتەوە و خوێنەر بخاتە گومانەوە و بەرەو دنیایەکی نادیاری بەرێت))( ناز ئەحمەد سەعید: 2013، 258). لەڕاستیدا، هەر ئەوەشە کە هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە، کە ((خواستن کۆڵەکەی سەرەکی ئەم لادانەیە))(ئیدریس عەبدوڵڵا: 2010، 75)، چونکە ئەرکی ڕاستەقینەی شیعر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بتوانێت ((خوێنەر بەرەو فەزایەکی دیکە لە بیرکردنەوە و هەستکردن بەرێت، شیعری ئیبداعیش هەمیشە بەرەو پرسیار و نادیارمان دەبات))(ئەدۆنیس: 2007، 11).

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین مەبەست لە بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە لادانە خۆی لە دوتوێی دەرخستنی توانا و ڕادەی داهێنانی شیعرییە لەلایەن شاعیرەوە، کە بەهۆیەوە بتوانێت سەرنجی خوێنەر و بیسەری بەلای دەقە شیعرییەکانیدا ڕابکێشێت و جەماوەرێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات، چونکە جیهانی شیعر جیهانێکی سەربەخۆ و جیاوازە و ئەو جیهانە شیعرییەش ((لەسەر بناغەی لادانی واتایی دروست دەبێت، بۆیە زمانی کێڵگەیەکی کێڵگەیەکی بەپیتی ئەم جۆرە

لادانەیە))(عەبدولواحید موشیر دزەیی"د": 2009، 135). بەهەرحاڵ، بنیاتی دەقی شیعری وا لە شاعیر دەکات هەمیشە لە زمانی باو دووربکەوێتەوە و بەدوای واتای نوێ و داهێنراودا بگەڕێ و بە بەرگێکی نوێوە دەقە شیعرییەکانی بنیات بنێت و ئەلبومە شیعرییەکەی بڕازێنێتەوە.

**6. لادانی پێکهاتەیی:**

جۆرێکی دیکەیە لە لادانی شیعریی، کە شاعیر بە مەبەستی زیاتر بەخشینی لایەنی ئیستاتیکا و ڕازاندنەوەی بنیاتی دەقە شیعرییەکانی پەنای بۆ دەبات و هەوڵ دەدات سەردەمیانە بەکاری بهێنێت و سوودی لێ وەربگرێت. بێگومان ڕەنگدانەوە و بەکارهێنانی ئەم جۆرە لادانە ((بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی داڕشتنی بیر و دروستکردنی لادانە واتاییەکە لگەڵ وشە و ئاخاوتنەکانی بەشە ئاخاوتنە نزیکەکانی لەو سیاقەی تێیدا دەردەکەوێت، کە ئەو سیاقە دەشێ کورت، یان درێژ بێتەوە))(ئیدریس عەبدوڵڵا"د": 2010، 84). واتە شاعیر لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە زمانی باو دووردەکەوێتەوە و تێیدا هەوڵدەدات بە دید و جیهانبینێکی جیاوازتر لە زمانە ئاساییەکە وشە و کەرەستە زمانییەکان بەشێوەیەکی نوێ دابڕێژێتەوە، بەوەش ئەفراندن دەخولقێنێت. شایەنی باسە ئەم جۆرە لادانە خۆی لە دوتوێی ئاستەکانی فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیدا دەبینێتەوە:

**7. لادان لە ئاستی فۆنەتیکی (دەنگی)دا:**

وەک ئاشکرایە، بابەتی فۆنەتیکی یەکێکە لە ئاستەکانی زمان و ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە بنیاتی زماندا و تەنانەت ((بە گەردیلەی زمان و ئاخاوتن ناوزەد دەکرێت، چونکە ئەو خشتی بناغەییە، کە وشە و دەستەواژەکانی پێ بنیات دەنرێت))(شاهو سعید: 1999، 53)، بەڵام شاعیر بە پێچەوانەی ئەو پێکهاتە زمانییە باوەوە لە یاسا دەنگییەکان لادەدات و فۆرمێکی نوێ بنیات دەنێت. واتە شاعیر بە مەبەستی داهێنان و بنیاتی دەقی شیعریی ((تێدەکۆشێ لەڕێگای خۆڕزگارکردن لە کۆت و بەندی یاسا دەنگییە باوەکانی زمانەوە، جۆرە دەنگێک لە واژەی شیعرەکەیدا بنوێنێ، کە لە ڕوانگەی دەنگسازییەوە لەگەڵ دەنگی زمانی باو یەک نەگرێتەوە، ئەوەیس بڵێین، کە ئەم جۆرە لادانە زۆرجار بەپێی پێداویستی هاوڕێکی کێشی شیعرییەوە دێتەگۆڕێ))(عەبدولخالق یەعقوبی: 2008، 149).

هەر لەو چوارچێوەیەدا، هەریەکە ((لە (سەفەوی) و (سجودی) پێیان وایە، کە لادانی دەنگی زۆربەی کات پێویستییەکن بۆ پاراستنی کێشی شیعر))(دلێر سادق کانەبی: 2009، 46). وەک دەبینین، شاعیر ئەم هەموو هەوڵە دەدات لەنێو ئاستە فۆنەتیکییەکانی زماندا، تا بە هۆیەوە بتوانێت دەنگ و شێوازی شیعری نوێ بنیات بنێت. تەنانەت هەموو ئەو لادانانەی شاعیر لە ئاستی فۆنەتیکیدا دەیکات بۆئەوەیە ((تاکە دەنگێک، یان زیاتر لە بنیاتی دروستی وشە زیاد بکات، یانیش دەنگێک، یان زیاتر لە بنیاتی دروستی وشەکە بگۆڕێت))(ئیدریس عەبدوڵڵا"د": 2010، 214). ئەوەش بە مەبەستی دروستکردنی ڕیتم و مۆسیقای شیعرییە، کە تێیدا بەهۆی دەقە شیعرییەکانییەوە جۆرە چێژ و ئاهەنگێک لە ناخی گوێگر و خوێنەردا دروست دەکات.

**8. لادان لە ئاستی مۆرفۆلۆجی (وشەسازی)دا:**

وەک ئاشکرایە، وشە کەرەستەیەکی گرنگ و سەرەکییە لە بنیاتی دەقی شیعرییدا و ((شاعیران بەهۆیەوە گوزارشت لە لایەنە دیار و شاراوەکانی ناخیان دەکەن))(ناز ئەحمەد سەعید: 2013، 202). تەنانەت وشە ((لە کتێبە تیۆری و ڕەخنەییە کۆن و نوێکاندا بە ڕەگەزێکی بنچینەیی زمانی دەقی شیعریی دانراوە))(سافیە محەمەد ئەحمەد"د": 2013، 98). جا شاعیر بۆئەوەی دەقێکی شیعریی جوان بنیات بنێت، دێت لادان لە فەرهەنگی وشەکانی زماندا دەکات، ئەوەش بە مەبەستی جوانکاری و جوڵاندن و هەژاندنی هەستی خوێنەر. بێگومان ئەم جۆرە لادانەش ((گەردانی ئەو مۆرفیمانەی، کە لە دەرەوەی ئاسایی زمان دەگرێتەوە و شاعیر هەوڵدەدات لەڕێگەی لادان لە یاسا وشەسازییەکان زمانی خۆی بەرجەستە بکات))(دلێر سادق کانەبی: 2009، 48). واتە شاعیر بەهۆی وشەی شیعرییەوە لە شێوازە باوەکەی زمان لادەدات و بەهێز و کاریگەر وشەکان دووبارە دەکاتەوە، تا بەهۆیەوە بتوانێت خوێنەر (وەرگر) بوروژێنێت و سەرنجی بەلای دەقە شیعرییەکەیدا ڕابکێشێت و چێژی پێ ببەخشێت. جگە لەوەش وشە ((زمانی دەربڕینی تاقیکردنەوە و هەست و سۆز و ئەندێشەی شاعیرە و دیوی دەرەوە و ڕووکەشی بیرۆکەکانە و واتا و چەمکی شیعرەکە بەرجەستە دەکات و کاریگەرییەکی مەزنیش لە خوێنەر دەکات))(فازیل مەجید مەحمود"د": 2007، 124)، بەڵام هەموو ئەمانە پێویستییان بە وردبینی و سەلیقەی شاعیرەوە هەیە، کە بەهۆی لادانی وشەییەوە بتوانێت دەقی شیعریی ناوازە و ناسک و جوان پێشکەش بە خوێنەر و بیسەر بکات. لە هەمان کاتیشدا بەرگێکی بکات بە بەر دەقە شیعرییەکەیدا و سەردەمیانە دەقە شیعرییەکانی بنیات بنێت.

**9. لادان لە ئاستی سینتاکسی (ڕستەسازی)دا:**

وەک ئاشکرایە، ((هەموو زمانێک لەڕێگەی کۆمەڵێک یاساوە بەڕێوە دەچێت و ئەو یاسایانەش تایبەتمەندی زمانەکە دروست دەکەن))(ئیدریس عەبدوڵڵا"د": 2013، 86) لەنێویشیاندا مەسەلەی ڕستەیە، کە بە گەورەترین دانەی زمان هەژماردەکرێت و بەپێی کۆمەڵێک یاسا بنیات دەنرێت و لەلایەن مرۆڤەکانەوە بەشێوەیەکی دروست و واتادار بۆ دەربڕینی مەبەستەکانیان بەکاردەهێنرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێکهاتەی ڕستە لەنێو زماندا ((بە ئاڵۆزترین دانەی زمان هەژمار دەکرێت، چونکە هەموو دانە زمانییەکان لە فۆنیمەوە، تا وشە و دەستەواژە تێیدا یەک دەگرن و دواتر ڕستە پێکدێنن))(سافیە محەمەد ئەحمەد"د": 2013، 118)، بەڵام شاعیر دێت لەو یاسا و دەستورانەی ڕستە و بنیاتی زمانەکە لادەدات. واتە شاعیر لەبەر خاتری کێس و سەروا و مۆسیقای دەقە شیعرییەکانی هەوڵدەدات ڕیزبەندی کەرەستەکانی ڕستەی زمانی باو تێکبدات، تا بەهۆیەوە بتوانێت ((لە شیعری خۆیدا بە جێگۆڕکێی توخمە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە یاسا ڕستەسازییەکانی زمانی خۆکار لابدات و زمانی خۆی لە زمانی خۆکار جیابکاتەوە))(دلێر سادق کانەبی: 2009، 47). بێگومان بەوەش لادانی ڕستەسازی ڕوودەدات، کە یەکێکە لە پێداویستییەکانی کێشی شیعریی و تێیدا شاعیر بەپێی شێواز و ویستی خۆی و بنیاتی دەقە شیعرییەکە دادەمەزرێنێت

شایەنی باسە، هەموو ئەو لادانە سینتاکسیانەی شاعیر بەپێی بنیاتی دەقە شیعرییەکەی ئەنجامی دەدات بۆ تێکدانی کەرەستەکانی ڕستە و شێوازی ڕیزبەندییەکانیان نییە، بەڵکو مەبەستییەتی داهێنان و شێوازێکی نوێی شیعریی بنیات بنێت، تا بەهۆیەوە بتوانێت بەهایەکی زیاتر و جوانتر بە دەقە شیعرییەکانی بدات. کەواتە هەموو لادانێکی سینتاکسی لە بنیاتی هەر دەقێکی شیعرییدا لەلایەن شاعیرەوە بۆ بنیاتنانی ڕستەی شیعری و زمانی شیعریی، ئەوا خۆی لە خۆیدا ((شکاندنی شێوازی چنین و داڕشتنی زمانی ئاسایی و زمانی پەخشانیشە، جا چ لەسەر ئاستی ئاسۆیی بێ، یا لەسەر ئاستی ستوونی بێ، هەر بەمەش زمان لە دەقی شیعرییدا بەشێک لە سیمای شیعرییەت هەڵدەگرێ. کەواتە ڕستەی شیعریی، نەک هەموو تواناکانی سیستەمی زمان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵکو گۆڕانکاری لەو سیستەمەشدا دەکات))(ئاڤان عەلی میرزا: 2008، 143) و بەهۆیەوە جۆرێک لە ئیستاتیکا و جوانی و بەرگێکی نوێ بە بنیاتی دەقە شیعرییەکە دەبەخشێت و لە هەمان کاتشدا خوێنەر سەرقاڵی وردبوونەوە و تێگەیشتنی دەقەکە دەبێت.

**10. لادانی واتایی لە دەقە شیعرییەکانی ( دلشاد مەریوانی )دا**

وەك ئاشکرایە، دەقی شیعری خاوەن جیهانێکی سەربەخۆ و فرەوانەو ئەو جیهانەش لە سەر بنەماو لادانی واتایی دروست بووە، کە تێیدا واتا زۆر جار دەبێتە هۆی گۆڕینی واتایەك بە واتایەکی تر. واتە لادانی واتایی پێچەوانەی واتای دروستی وشەکەیە. لەو چواچێوەیەشدا ((زمانی شیعرکێڵگەیەکی بە پیتی ئەم جۆرە لادانەیە))(بڕوانە:عبدالواحد مشیردزەیی ، ١٣٥،کە دەبێتە هۆی تێکدانی زمانی خەڵك . بۆ ئەو مەبەستەش شاعیر هەوڵدەدات ڕاستەوخۆ واتای دەقە شیعرییەکە بە خوێنەر نەدات، چونکە زمانی شیعریی ((ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی واتایە، نەك گوزارشتکار، کە بە ئاسانی دەستگیر نابێت))(بڕوانە: دیار عەلی کەمال ، ٢٠٠٠، ٥٤) .

لە ڕاستیدا هەر ئەمەشە وا لە خوێنەر دەکات، کە لە دووتوێی ((پەیوەندی نێوان وشەکانەوە و گواستنەوەی واتای وشەکانەوە بۆ ئاستی ڕستەکانی ناو دەقە شیعرییەکە))،(بڕوانە: حەمە نوری عومەر کاکی، ٢٠٠٠ ،١٣٦). واتایەکی نوێی لا دروست دەبێت. هەر بۆیە بە مەبەستی زیاتر دەرکەوتنی تواناو سەلیقەی شاعیر لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانیدا لە ڕووی ئاستی لادانی واتاییەوە، دەبینین هونەرمەندانە ئەسپی شیعری خۆی تاوداوە و گەلێک دەقی شیعریی جوانی بنیاتناوە. بۆ نموونە ئەوەتا لە دەقی (سەمفۆنیای وەنەوشە) کەیدا یەکێک لە سیفەتەکانی داوەتە (باران)، کە یەکێکە لە دیاردە سروشتیەکان و بەوەش دیاردەی (بە مرۆڤ کردن) ی بنیات ناوەوە و بە هۆیەوە جۆرە لادانیکی واتایی بەرجەستەکردووە هەروەکو دەڵێت:-

بوکی باران کراسێکی قەنەوزی لەبەردایە

دوگمەکانی دەترازێنم .. کراسەکەیت بۆ دینم

باران لەمن زویر نابێ

لە مێژەوە چاوەنوارە

شاعیرێک بێ

دووگمەکانی کراسەکەی بترازێنێ (مەریوان محەمەد ئەمین،١٩٩٩، ٤٩)

وەک دەبینین شاعیر وشەی (باران)ی تەشبیهکردووەبە (بووک) بەوەش سیفەتی جوانی بە (باران) بەخشیوە، بەڵام لە بنەڕەتدا سیفەتی جوان هی (بووک)ە، نەک هی (باران)، کەواتە وشەی (باران) بابەتی لادانە شیعرییەکەی دروست کردووەو لە جیاتی مرۆڤ بەکارهاتووە، ئەگیناخۆی لە ڕاستیدا نابێ و هەرگیز هەردوو وشەی (بووک) و (باران)پێکەوە ناگونجێن، کە تیایدا وشەی ( بووک)

بۆتە دیارخراو و وشەی (باران)یش بۆتە دیارخەر، کە بەهۆی نیشانەی ئیزافەی (ی) پێکەوە بەستراونەتەوە و فرێزێکی ناویان دروست کردووە.

نەک هەر ئەوەندە، تەنانەت وشەی (کراس)یش ، کە لە نیوە دێری کۆتاییدا هاتووە بە هیچ شێوەیەک لە گەڵ وشەی (باران) دا ناگونجێت، بەڵام شاعیر بە پێی ئەوەی، کە دەگوترێ و بۆتە مەسەلەیەکی ئەدەبی، ( ئەوەی بۆ شاعیر دەگونجێ بۆ کەسی تر ناگونجێ). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە شاعیر دەتوانێ بە وشە بکات لە نێو بنیاتی دەقە شیعرییەکەیدا، بەڵام کەسێکی ئاسایی لە دەرەوەی شیعر ناتوانێ یاری بە وشەو ڕیزکردنی کەرەسە زمانییەکان بکات. لە ڕاستیدا هەموو ئەوانەش، کە شاعیر لە نێو زماندا دەیکات بۆ ئەوەیە، کە بە هۆیەوە ((ڕێگایەکی نوی بگرێتەبەر بۆ گوزارشت کردن و دەلالەتی نوی بە وشەکان بدات. پەیوەندی نوێش لە نێوان وشەکاندا بدۆزێتەوە و خوێنەر بخاتە گومانەوە و بەرەو دونیایەکی نادیاری بەریت))(ناز ئەحمەد سەعید: ٢٠١٣ ، ٢٥٨)، لە لایەکی تریشەوە بنیاتی دەقە شیعرییەکەی لە سەر بنیات بنیت و داهێنان ئەنجام بدات . هەروەها هەر لە درێژەی زیاتر ڕۆچوونمان بە نیو ئەلبوومە شیعرییەکەی شاعیردا گەلێک دەقی شیعریی دیکەمان بەرچاودەکەوێت، کە شاعیر هونەرمەندانە توانیویەتی لادانی شیعریی واتایی بنیات بنیت و بە هۆیەوە ئەلبوومە شیعرییەکەی زیاتر برازێنێتەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، ئەوەتا شاعیر لە دەقی( چەکمەجە) کەیدا دیاردەی (بەڕووەککردن) ی بەخشیوە بە (شەقام)، کە هەرگیز لە واقیعدا شتی وا بەرچاو ناکەویت، بەڵام بە لای شاعیرەوە کارێکی ئاسایی و داهێنەرانەیە، کە توانیویەتی سیفەت و خاسیەتی ڕووەک بە شتێکی بێ گیان بدات، هەروەکو دەڵێت:

شەقام دەڕوێ ، گوڵ دەفڕێ درەختی جوانی پەمەیی

قۆڵیان دەکرد بە قۆلم دا وەک ئاشنایی شیعرەکانم

یەکێک دەیووت

لە ژێر سێبەرما دامەنیشە تۆی گەواڵە شیعری

گەشتی بەهارم          (مەریوان محەمەد ئەحمەد، ١٩٩٩ ،٢١٠)

وەک دەبینین، شاعیر هەر بەوەندە نەوەستاوە، بەڵکو لە دوو تویی دەقە شیعرییەکەیدا هەندێ سیفەت و خاسیەتی باڵندەو مرۆڤیشی داوەتە (گوڵ) و (درەخت)، کە لە وشەکانی(فڕین) و (قۆڵ کردن بە قۆڵ)دا بەرچاودەکەون، کە ئەمانە هەرگیز لای وشەکانی (گوڵ) و (درەخت) بەرچاو ناکەوێ، چونکە هیچ کاتێک(گوڵ) نافڕیت، وە (درەخت)یش لە زەویدا جێگیرەو ناتوانێت قۆڵ بکات بە قۆڵی مرۆڤدا و پیاسە وگەڕان ئەنجام بدات، بەڵکو هەموو ئەمانە لە خەیاڵی شاعیرو لە بنیاتی جەقی شیعریدا بوونیان هەیە و دەگونجێت و جێگایان دەبێتەوە. بە واتایەکی تر، دەبینین شاعیر لە بنیاتی دەقی شیعرییەکەیدا وشەی (شەقام) ی بە (ڕووەک)چواندووە. واتە (شەقام) لێچووە و (ڕووەک)یش، کە نەهاتووە (لەو چووە) بەوەش توانیویەتی خواستنی درکاو بنیات بنێت. نەک هەر ئەوەندە، تەنانەت لە ڕووی بنیاتی هونەری خواستنەکەیەوە، دەبینین خواستنەکە لەڕووی ستوونیەوە بنیات نراوە. ((واتە پەیوەندی (جێ نشینی). هەر بۆیە ئەوەی ئاشکراشە ، پەیوەندی نێوان دوو ئاستی (هاونشینی) و (جێنشینی) پەیوەندییەکی دوولایەنەیە)). (بڕوانە: ناز ئەحمەد سەعید، ٢٠١٣، ٢٩٣) و پێکەوە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە زماندا.

هەروەها لە دوو توێی بنیاتی دەقە شیعرییەکە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر (درەخت)یشی بە (شیعرەکان)ی چواندووە. هەردووکیانیشی پێکەوە بە( مرۆڤ) چواندووە، کە خۆی لە واقیعدا شتی وا بوونی نییە و بەرچاوکەوێ. هەر لە دووتوێی بنیاتی دەقە شیعرییەکانی شاعیدا دەبینیین، بە سوودوەرگرتن لە لادانی شیعریی و چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەسەزمانیەکان، شاعیر توانیویەتی وێنەی شیعریی نوێ و سەردەمیانە بنیات بنێت و پەیوەندیە باوەکان تێکبشکێنێت و سەرلەنوێ پەیوەندی و ڕایەڵەی نوێ لە نێوان کەرەستە زمانیەکاندا بنیات بنێتەوە، کە پێشتر بەو شێوەیە نەبووبێت، بەوەش ببێتە خاوەن دەنگی شیعریی تایبەت بە خۆی. لەو چوارچێوەیەشدا، دەبینین بە شێوەیەکی هونەریی توانیویەتی سوود لە هونەری خواستن وەربگرێت و ((لە بنیاتی شیعریی نوێدا بە هۆی هونەری خواستنەوە ئازادتر بێت و وێنەی شیعریی وا بنیات بنێت، کە بەهۆیەوە ئاماژە بە شتی دوور بکات و تێڕوانینی نوێ و درک پێنەکراو بخاتە ڕوو.(بڕوانە: محسن اطميش، 1982، 245).

بۆ ئەو مەبەستەش شاعیر گەلێک دەقی شیعری جوان و ناوازەی هەیە، کە بە هۆی سوود وەرگرتن لە هونەری خواستن بنیاتی ناوە، کە هەموو ئەوانەش تواناو سەلیقە و لێهاتوویی شاعیر دەخەنە ڕوو. بۆ نموونە ، ئەوەتە لە دەقی(دارچین)ەکەیدا دەڵێت:

دوێنێ خۆر چەپکێ لە پرچی

لێ ون ببوو

ئەم بەیانییە کە تۆم بینی

بە قژتەوە هەڵت بەستببوو
دوێ شەو لەلایماڵتانەوە
شەوگار کەمێ کاڵ ببوەوە
ئەمڕۆ بینیم
چاوەکانت پێ ڕشتبوو
دوو ئەستێرەی خنجیلانەی
جوان و ساوا
بەرشەرارەی چاوت کەوتن
بەرە بەیان..... جوتێ گوارە بوون
لە گوێتا                (مەریوان محەمەد ئەمین، ١٩٩٩، ٢٥٠)

وەک دەبینین، شاعیر وشەکانی هەریەکە لە (خۆر) و (دووئەستێرە)ی لە بری واتا ڕەسەن و بنچینەییەکانی خۆیان بۆ ناتاو مەبەستی تر بەکاری هێناون و واتاکانیانی خواستووە بۆ واتای تر و جێگۆڕکێی بە شوێنی بەکارهێنانەکانیان کردووە. واتە وشەی(خۆر)ی بە کچێکی جوان چواندووە، بەڵام وشەی (کچ) لە دەقە شیعرییەکەیدا بەکارنەهاتووە، بەڵکو قەرینەیەکی لە شوێنی دا وەرگرتووە، کە (پرچە). هەروەها وشەی لێکدراوی(دوو ئەستێرە)شی بۆ دوور لە واتا بنچینەییەکەی خۆی بەکارهێناوە و خواستویەتی بۆ (گوارە)، بەڵام ئاشکرایە، (ئەستێرە) ناکرێ بە گوارە و ناکرێتە گوێ. بۆیە لەڕووی واتاوە ڕستەو دەربڕینێکی نادروستەو نەگونجاوە، بەڵام لە دەقیی شیعریدا دروستەو دەگونجێت و تێیدا مەبەستی شاعیر دەخەنەڕوو.

**11. لادانی شیعریی لە ئاستی دەنگسازیدا:**

لەگەڵ ئەوەی مەسەلەی دەنگسازی بە بابەتێکی گرینگ و بنەڕەتی دادەنرێت لە بواری زانستی زمانەوانیدا، کە تیایدا بایەخ بە توێژینەوەی ئاستی دەنگ دەدات. لە هەمانکاتیشدا کار لە سەر ((گۆڕینەوەی مۆرفێمی وشەکان دەکات بۆ دەنگ بە هۆی جوڵانەوەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە)).(محمد معروف فتاح ، ١٩٩٠، ٥٠).

لەو چوارچێوەیەشدا، دەربڕینی دەنگەکان لە ڕێگای ئاخاوتنەوە بە پێی یاساو ڕێسای زمان دەبێت، کە ئاخێوەر لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاری دەهێنێت و دەبێت واتاداربێت یا ئەرکێکی ڕێزمانی لە زمانەکەدا هەبێت، ئەگەر وانەبێت لێک تێگەیشتن و گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست نابێت و زمانیش پێکنایەت. بۆیە زۆرجار شوێن گۆڕینی فۆنیمەکان لە نێو بنیاتی دەربڕینەکانی زماندا واتای دەربڕینەکان دەگۆڕێت، جا ئیتر بە شێوەیەکی باش بێت ، یان بە شێوەیەکی خراپ بێت . واتە ئاخێوەر ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی جێگۆڕکێ بە ڕیزبوونی دەنگەکانی زمان بکات و یاریان پێ بکات و پاش وپێش بە کەرەسە زمانییەکان بکات. چونکە زۆر جار ئەو گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ و یارکردنانە بە کەرەسەکانی زمان دەبێتە هۆی دروست بوونی قەیران لە نێو زماندا، بەڵام تاڕادەیەک شاعیران ئازادن لە یاریکردن و جێگۆڕکی بە دەنگ و کەرەسە زمانییەکان، کە بە هۆیەوە دەتوانن داهێنان ئەنجام بدەن.

ڕەنگە هەموو ئەوانەش لەبەر پرۆسەی بنیاتی دەقی شیعریی و ئاوازی شیعرەکە بیت، کە شاعیر پەنای بۆ دەبات. کەواتە ((یاریکردن بە وشە پرۆسێسێکی داهێنەرانەیە، کە تێیدا دەنگ و واتا و ئاماژە لە حاڵەتە چەسپاوەکانی خۆیان دەردەچن و چەمکی دیکە دەبەخشن))(بڕوانە: گۆڤاری ڕامان، ٢٠٠٠، ٢٤٣)). جا ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ، ئەوەیە، کە لە نێو بنیاتی هەموو دیوانێکی شیعریدا، کەم تا زۆر گەلێک لادانی دەنگی دەبینیین، کە شاعیر بە هۆی گرتنە بەری ئەو لادانە دەنگییەوە هەوڵدەدات(( لە ڕێگای خۆ ڕزگارکردن لە کۆت و بەندی یاسا دەنگییە باوەکانی زمانەو، جۆرە دەنگێک لە واژەی شیعرییەکەیدا بنوێنێ، کە لە ڕوانگەی دەنگسازییەوە لە گەڵ دەنگی زمانی باو یەک نەگرێتەوە، ئەوەش بڵێین، کە ئەم پەیوەندییە جۆرە لادانە زۆرجار بە پێی پێداویستی هاوڕێکی کیشی شیعرییەوە دێتە گۆڕێ))(بڕوانە: عەبدولخالق یەعقوبی ، ٢٠٠٨، ١٤٩).

شایانی باسە، لێرەشدا ڕۆڵ و گرینگی ئاوازی شیعر دەردەکەوێ، کە بە هیچ شێوەیەک شاعیران ناتوانن دەستبەرداری بن، چونکە سروشت و بنیاتی دەقی شیعریی وایە، کە بە بێ مۆسیقا شیعر دروست نابێت. بۆیە یەکێک ((لەو ڕێگایانەی شیعر، کە کار دەکاتە سەر هەست و چێژ و لەزەت دەبەخشێ، مۆسیقای شیعریی و ریتمە، کە جۆرە ئاهەنگێک لە ناخی مرۆڤ دەسازێنێ، کە پەیوەندی قووڵ و کاریگەر لە نێوان شیعر و مۆسیقادا هەیە لە بوارەکانی بیناسازی و یەکیەتی ڕیتم و ئاوازو دەنگدا(بڕوانە: ئەرسەلان بایز، ٢٠٠٣، ١٨٢)).

لەو چوارچێوەیەشدا (دڵشاد مەریوانی) بە مەبەستی بنیاتنانی گەلێک دەقی شیعریی جوان و ناسک ، لە دوو توێی ئەلبوومە شیعرییەکەیدا توانیویەتی بە گەلێک شێوەی جۆراو جۆر کۆمەڵێک لادانی دەنگی ئەنجام بدات، کە هەموو ئەوانەش نیشانەی ڕەچە

شکێنی و تێپەڕاندنی شاعیرانی پێش خۆی پێوە دیارە و ڕێگەی دەقە شیعریەکانیەوە دەنگیکی تایبەت بە خۆی لە جیهانی شیعری نوێی کوردیدا بۆ خۆی تەرخان بکات و بەپەڕی ئاگاییەوە بە دوای شتی نویَ و ناباو ناهۆدا گەڕاوە، بۆ نموونە ئەوەتا شاعیر لە دەقی ( نامەی حەبیبە)کەیدا لە بەشێکیدا بە ئاشکرا وەکو بەشێک لە لادانی دەنگیی جەخت لە سەر ئاوازی ناوەوە دەکات، کە پەیوەست بە ناخ و هەستەکانی دەروونیەوە و حەزو ئارەزووەکانیەوە، هەروەکو دەڵێت:

گەردەن زەردیَ، سنگ سەدەفیَ، مەمر فنجانیَ

قەد بلوریَ، چاوان ڕەشیَ، لێو مەرجانیَ

وەک دوبینیین ، شاعیر هونەرمەندانە ڕیتمی ناوەوەی لە بنیاتی دەقە شیعرییەکەیدا بەرجەستە کردووە ، کە تیایدا سەرواکانی ناوەوە لە نیوە دێری یەکەمدا بەمر شێوەیەیە و لە وشەکانی(زەردیَ، سەدەفیَ، فنجانیَ) دا ڕەنگی داوەتەوە و فۆنیمی(یَ) بۆتە سەروای هاوبەش. هەروەها سەرواکانی ناوەوەی لە نیوەدێڕی دووەمدا بەو شێوەیەیەو لە وشەکانی(بلوریَ ، ڕەشیَ)دا ڕەنگی داوەتە وەو هەردوو فۆنێمی (ەی) بۆتە سەروای هاوبەش.

هەروەها یەکێکی لەو دیاردانەی کە لە دوو توێی لادانی دەنگیدا ڕەنگیان داوەتەوە و لە بنیاتی هەندێک دەقی شیعرییدا بەرچاو دەکەون ، دیاردەی قرتاندنی فۆنێمییە ، کە پێداویستی دەقە شیعرییەکەو ئاوازی شیعرەکە دەخوازێت و شاعیریش بە ناچاری بەرجەستەی دەکات .

بیگومان ئەمر دیاردەیەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە تیایدا ((فۆنیمێک، یاخود چەند فۆنیمێک لە وشەدا کەمر دەکرێتەو، ئەمەش بە(٣) جۆر دەبێت:-

ئەی تیشکی خۆر

بە پەنجەرەی زامەکانما

بە مۆخی ناوئێسکەکانما

بە پاسپۆرتی ژانما

بە بارانی چاوانما (عبدولسەلامر نەجمەدین عەبدوڵڵا،٢٠٠٨، ١١٦).

وەک دەبینین، دیاردەی قرتاندنی فۆنێمی/ د/، کە فۆنێمێکی کۆنسۆنانتە لە کۆتایی هەریەکە لە وشەکانی (زامەکانما، ئێسکەکانما، ژانما، چاوانما) ڕویداوە، کە خۆیان لە بنەڕەتدا بەمر شێوەیەن:- (زامەکانمدا، ئیسکەکانمدا، ژانمدا، چاوانمدا).

شایانی باسە، قرتاندنی فۆنێمی/ د/ لە هەریەکە لەو وشانەی سەرەوەدا، ڕەنگە بگەڕیتەوە بۆ کاریگەری شێوازی ئاخاوتنی ناوچەیی بەسەر شاعیرەوە. لەو ڕووەشەوە (د.ئاوڕەحمانی حاجی مارف) دەڵیت: (( لە شێوەی ئاخاوتنی سلێمانیدا، زۆرجار ئەوە بەرگویَ دەکەویَ، کە / د/ کلۆر دەکرێت، وەگ (منالْ لە بری مندال، مەحموو لە بری مەحموود، کڕانی لە بری کڕاندی.....(بڕوانە: ئاوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٨٦ ، ١٢١).

هەر بە زیاتر ڕۆچوونمان بە نێو بنیاتی دەقە شیعرییەکانی شاعیردا، گەلێک نموونەی دەقی شیعریی دیکەمان بەرچاو دەکەوێت، کە هەر هەموویان بەڵگەن لەسەر لادانی دەنگی، بۆ نموونە ئەوەتا لە دەقی شیعریی (دیوار)ەکەیدا دیاردەی دووبارەکردنەوەی دەنگی (ی) بە زەقی دەبینیین هەر وەکو دەڵیت:-

لەسەر نەخشەی قوتابخانەدا

ئەزموونی جوگرافیای هەبوو

نوزەی خاکێکی سک سووتاو هەبوو

تێکەڵ بە دەنگەکەی دەبوو (مەریوان محەمەد ئەمین ، ١٩٩٩، ١٥٩).

**12. لادانی شیعریی لە ئاستی وشەسازیدا:**

وەک ئاشکرایە، وشە وەکو کەرەسەیەکی زمانی ڕۆڵی کاراو بەرچاوی هەیە لە بنیاتنانی دەقی شیعرییدا، کە هۆکارێکە بۆ جوانکردن و دەربڕینی ناخی شاعیر. واتە ((وشە زمانی دەربڕینی تاقیکردنەوەو هەست و سۆزو ئەندێشەی شاعیرە و دیوی دەرەوەو ڕووکەشی بیرۆکەکانە و چەمکی شیعرەکە بەرجەستە دەکات وکاریگەرییەکی مەزنیش لە خوێنەر دەکات(مەریوان محەمەد ئەمین، ١٩٩٩، ١٥٩).

بێگومان، هەموو ئەوانەش پێویستیان بە سەلیقەو لێهاتوویی شاعیر هەیە، کە چۆن بتوانیت سوود لەو کەرەستە زمانیە گرینگە وەربگرێت و بتوانێت بە هۆیەوە کۆمەڵیک دەقی شیعریی جوان و ناسک بنیات بنێت، هەر بۆیە ((هەندیَ جار لەبەر پێویستی شیعریی، یان سروشتی شیعرەکە وا پیویست دەکات، کە شاعیر وشەو دەربڕینێکی نائاسایی و نامۆ بەکاربینیت، هەندیَ جاریش

شاعیر مەبەستیێتی و دەیەوێت وشەیەکی نوێ، هەستیکی نوێ، دەقێکی نوی دابهێنیت، کە بتوانێت خوێنەر بهەژێنێت و سەرسامی بکات و سەرەنجی ڕابکیشیت))(ناز ئەحمەد سەعید، ٢٠١٣، ٢٠٣). جا بۆ ئەوەی شاعیر بە شێوەیەکی داهێنەرانە و سەرەنجڕاکێشانە سەرەنجی خوێنەر بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و دەقی شیعریی جوان بنیات بنێت، وا پێویست دەکات لە شێوە ئاساییو باوەکەی زمان دەربچێت و تێکی بدات. واتە لادان لە ڕێرەوە ئاساییەکەی زمان بکات.لەو چوارچیوەیەشدا، گەر بە شیوەیەکی ورد و زانستیانە تەماشای بنیاتی ئەلبوومە شیعرییەکەی شاعیر بکەین بۆمان دەردەکەوێت، هونەرمەندانە ئەسپی شیهریی خۆی تاوداوەو زمانێکی شیعریی و شێوازێکی نوێی بۆ خۆی بنیات ناوە و بەرگێکی نوێی کردووە بەبەر شیعری نوێی کوردیدا.

واتە شاعیر لە میانی ئەلبومە شیعرییەکەیدا هەوڵیداوە بە دوای داهێنانی نوێ و دەربڕینی نوێدا بگەڕێت و بە پێی سەلیقەو لێهاتوویی خۆی سوود لە وشە و کەرەستەکانی زمانی کوردی وەربگرێت و بە شێوازێکی نوێ دایان بڕێژێتەوە. بۆ نموونە لە دەقی (بیرت دەکەم)ەکەیدا شاعیر هەوڵیداوە لادان لەو ڕۆنانە باو و بڵاوانەی نێو زمان و فەرهەنگی کوردیدا بکات و لە بەر پێداویستی دەقە شیعرییەکەی و دەربڕینی ناخی لادان بکات و لەو نەریتە باوە دەربچێت، هەروەکو دەڵێت:-

بیرت دەکەم وەک ڕۆژانی

باوەخوونی لێکبڕانی

زاوا.... لە بووک

بیرت دەکەم

بیرت دەکەم (مەریوان محەمەد ئەمین، ١٩٩٩، ٢٤٨).

جێی ئاماژەیە لە نەریتی کوردەواریدا کچ، کە شوودەکات و دوای ماوەی بەسەر بردنی ماوەی هەنگوینییەکەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی. واتە لە زاوا کردووە جیادەبێتەوە، بەڵام شاعیر هاتووە جێگۆڕکێی بە بنیاتی هەردوو وشەی بووک و زاوا و لە نەریتە کۆمەلایەتیەکە دەرچووە و هاتووە (زاوا) ی لە (بووک) جیاکردۆتەوە، واتە پاش و پێشی پی کردوون، بەوەش سیستەمی ئاسایی بە دوای یەکداهاتنی وشەکانی تیکداوە و جێگاکانی گۆڕیوە ، ئەوەش بەو مەبەستەی بتوانێت زیاتر سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و لە هەمانکاتیشدا شتێکی نوێی داهێناوە.

هەر لە چوارچێوەی لادانی وشەیی دا، شاعیر گەلێک داهێنانی نوێی ئەنجام داوە و گەلێک دەقی شیعری جوانی بنیات ناوە. بۆ نموونە شاعیر هەوڵی داوە و بە پیی توانا گەڕاوە و سوود لە هەندێک لە وشەی کۆنی ماوە بەسەرچوودا، کە بەکارهێنانیان بە هۆی بەرەوپێشچوونی شارستانیەت و ڕەوتی تەکنەلۆجیاو زانستەوە کەم بۆتەوە، یان کاڵ بۆتەوە، جارێکی تر بیانهێنێتەوە نێو بنیاتی دەقی شیعری کوردی.

واتە شاعیر بە مەبەستی زیندووکردنەوەو بەرزڕاگرتنی هەندێک لەو وشەکۆنانە لە بنیاتی هەندێک لە دەقە شیعرییە کانیدا ڕەنگی پێداونەتەوە و جارێکی تر بەکاریهێناونەتەوە. بە واتایەکی دیکە(( شاعیر لە جۆری زمانی باو لادەدا و واژە، یان دەستەواژە گەلێک بەکاردەبات، لە هەنووکەدا باویان نەماوە و زۆرتر لە ڕابردوودا بەکاربراون(بڕوانە:عەبدوالخالق یەعقوبی،٢٠٠٣، ٤٢)).نموونەی ئەم جۆرە لادانەش ، کە بە لادانی (کۆنگەرایی) ناوزەد دەکرێت، لە دەقی شیعریی (جوانی ئینسان)ەکەیدا دەردەکەوێت، هەروەکو دەڵێ:-

هەنگ لە برسا مرد

پەپوولەکان گریان

بەڵام سروشتی ئەم کوردستانە

قەزاوەگێڕی

سەری پێشمەرگە و جوانی ئینسانە (مەریوان محەمەد ئەمین،١٩٩٩، ١٥٧)

وەک دەبینین، شاعیر هونەرمەندانە توانیوێتی سوود لە فەرهەنگی زمانی کوردی وەربگرێت و بەهۆیەوە و جارێکی تر وشەی (قەزاوەگێڕ)، کە کۆن بووە و بەکارهێنانی کەم بووەتەوە، بیهێنێتەوە نێو شیعری کوردی و بە خوێنەری کوردی ئاشنابکاتەوە. ماناکەشی ئەوە دەگەیەنێت، کە سروشتی کوردستان خەم و پەژارە و دەرد و باڵا لە پێشمەرگە دووربخاتەوە و لای بدات.

هەروەها یەکێکی تر لەو لادانە شیعریانەی لە دووتوێی ئاستی وشەسازیدا بەرچاودەکەون، دیاردەی دووبارەکردنەوەی وشەیە، کە ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریی لە بنیاتی هەندێک لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا بینیوە. جا ئیدی ئەو دووبارەکردنەوەیە بەشێوەی ئاسۆیی بێت، یان بەشێوەی ستوونی بێت. نموونەی ئەمەش هەروەک لە دەقی شیعریی (ئینسان)ەکەیدا دەردەکەوێ، کە (19) جار بەشێوەی ستونی وشەی (ئینسان) دووبارەبووەتەوە، هەروەک دەڵێت:

ئینسان
پیرۆزبایی بۆ ئینسان
ئینسان لە منداڵیشدا
کە دەمرێ
خەم... خەمی ئینسانە
کوژاندنەوەی ئینسانە
کۆچی ئینسانە
ئینسانە
نەمری بۆ ئینسان....     (مەریوان محەمەد ئەمین،١٩٩٩، 98-99)

**13. لادانی شیعریی لە ئاستی ڕستەسازیدا:**

شایەنی باسە، ڕستە گەورەترین پێکهاتەی ڕێزمانییە لەنێو دەقی شیعرییدا، کە تیایدا ((هەموو دانە زمانییەکان لە فۆنیمەوە، تا وشە و دەستەواژە یەکدەگرن و دواتر ڕستە پێکدێنن))(سافیە محەمەد ئەحمەد "د"، 2013، 118). و پێکەوە هەموو ئەو دانە زمانیانە ((لە ڕیزبوونێکی لۆژیکی و ڕێزمانیدان، بەم پێیەش جێکەوتەکانی ڕستە لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدا بەپێی یاسا سینتاکسییەکان ڕیز دەکرێن و دەخرێنە تەک یەک و پەیوەندییەکی سینتاکسی و سیمانتیکی لەنێوانیاندا هەیە، بۆ ئەوەی ڕستەیەکی ڕێزمان دروست و واتا ڕاست بەرهەمبهێنن))(ئومێد بەرزان برزو "د"، 2011، 90).

شایەنی باسە، شێوازی پێکهاتەی ((سینتاکسی ڕستەی کوردیش بەم شێوەیەیە" (S. O. V). واتە (بکەر+ بەرکار+ کار) گەلێک جاریش لە قسە و ئاخاوتنی ئاساییدا ئەم پێوانەیە دەبەزێنرێ، بەڵام وەک شێوەیەکی ئاسایی زمانی کوردی، دەبێت لە ئاخاوتندا پەیڕەو بکرێت، کەچی ئەمە بۆ نووسەر و شاعیر ڕێپێدراوە، دەستکاری ڕیزکردنی کەرەستەکان بکات))(؟؟). واتە پاش و پێش بە کەرەستەکان دەکات، یان چۆنی ویست بەوشێوەیە ڕستەکانی دادەڕێژێ. ئیدی بەهۆیەوە لادانەکان دروست دەبن، بۆیە گەر لە ئەلبومە شیعرییەکەی شاعیر وردبینەوە، دەبینین شاعیر بە گەلێک شێوەی جۆراوجۆر توانیویەتی لادانی ڕستەیی لە بنیاتی هەندێک لە دەقە شیعرییەکانیدا بکات و شێوازێکی نوێ بە بنیاتی دەقە شیعرییەکانی بدات.

یەکێکیش لەو شێواز و جۆری لادانە ڕستەییانەی، کە لە بنیاتی ئەلبومە شیعرییەکەی شاعیردا بەرچاودەکەوێ دیاردەی قرتاندنی وشەیە، کە تێیدا شاعیر هەڵدەستێت بە قرتاندن و لابردنی وشەیەک، یان زیاتر لە بنیاتی ڕستە بنەڕەتییەکە. نموونەی ئەمەش هەروەک لە دەقی شیعریی (ئەڤین)ەکەیدا دەردەکەوێت، هەروەک دەڵێت:

من ئێوەم گەلێک خۆش دەوێ
چونکە وادەتان پێ داوم
تەلەفزیۆنەکە خۆش کەن
کارتۆنی کوردیشی تێخەن     (مەریوان محەمەد ئەمین،١٩٩٩، 123)

وەک دەبینین، شاعیر وشەی (فیلم)ی لەنێو دێڕی کۆتاییدا لابردووە، کە خۆی لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەیە (فیلمی کارتۆنی کوردیشی تێخەن). بێگومان. ئەوەی شاعیر کردوویەتی زیاتر بۆ ڕازاندنەوەی بنیاتی دەقە شیعرییەکە و ئاسان دەربڕینی ڕستەکەیە.

هەروەها یەکێکی تر لەو دیاردە لادانە ڕستەییانەی تر، کە لە بنیاتی هەندێک لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا بەرچاو دەکەون، دیاردەی پاش و پێشخستنە، کە تێیدا شاعیر هەڵدەستێ بە پاش و پێشخستن و جێگۆڕکێ کردن بە هەندێک لە کەرەستەکانی ڕستە. واتە کەرەستەکان لە جێگەی خۆیدا بەکارناهێنێت. بۆ نموونە ئەوەتا شاعیر لە دەقی شیعریی (دوو نامەی تێکەڵاو بۆ دەستگیرانەکەم و دیمتدۆف)ەکەیدا دەڵێت:

نام بەزێنن
من لەم ژینەم هەراسانم     (مەریوان محەمەد ئەمین،127،١٩٩٩)

وەک دەبینین، شاعیر لە نیوەدێڕی دووەمدا، دەبوایە بیگوتبایە: (من هەراسانم لەم ژینەم) هاتووە وشەی (هەراسان)، کە ئاوەڵناوێکی چۆنێتییە لە پلەی چەسپیودا خستوویەتییە کۆتایی نیوەدێڕە شیعرییەکەوە، دیارە ئەوەش بۆ پاراستنی مۆسیقا و ڕیتمی شیعرەکەیە. لەلایەکی تریشەوە بۆئەوەیە، تا شاعیر ئەو بارە ئاساییە بگۆڕێت و بەهۆیەوە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و داهێنان ئەنجام بدات بەهۆی ئەو لادانەی کردوویەتی.

هەروەها لە دەقی شیعریی (کچۆڵەکان)یشدا بەهەمان شێوە دیاردەی پاش و پێشخستن بەرچاودەکەوێت، هەروەک دەڵێت:

ڕەشەباکەی سلێمانی گەمە ناکا

خۆر زیزە و چاوشارکێ ناکا

هەموو زمانیان شکاوە

لە خوێنت خۆیان وەرداوە        (مەریوان محەمەد ئەمین،136،١٩٩٩)

وەک دەبینین، شاعیر لە نیوەدێڕی کۆتاییدا وشەی (خۆیان)، کە جێناوێکی سەربەخۆی خۆییە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، لەجیاتی ئەوەی لە سەرەتاوە دای بنایە، هاتووە خستویەتییە ناوەڕاستەوە. واتە پاش و پێش بە وشەکانی یەکەم و دووەم کراوە و دەبوایە بەم شێوەیە بوایە: (خۆیان لە خوێنت وەرداوە).

هەروەها شاعیر لە دەقی (پەچە)کەیدا، بەهەمان شێوە دیاردەی پاش و پێشخستنی ئەنجام داوە، هەروەک دەڵێت:

بۆ ئاوی سەربەستی هاتووم

خاکم دەشتی کەربەلایە و خوێناوییە

نەترساوم لە شمشێری بەچەکانی معاویە (مەریوان محەمەد ئەمین،١٩٩٩، 156)

وەک دەبینین، شاعیر لە نیوەدێڕی کۆتاییدا وشەی (نەترساوم)، کە کاری ڕستەکەیە هێناوییەتە سەرەتاوە، کە خۆی دەبوایە لە کۆتاییدا بوایە. واتە بەم شێوەیە بوایە: (لە شمشێری بەچەکانی معاویە نەترساوم). کە دیارە ئەوە مەبەستی سەرەکی شاعیرە و دەیەوێ سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت. هەروەها لەبەر ڕاگرتنی مۆسیقا و سەرواى دەقە شیعرییەکەیە.

**14. ئـــەنجـــــــــام:**

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

1- بەپێی پێوەرە یاساییەکانی ڕێزمان، جۆرێک لە گونجاندن لەنێوان بەشەکانی ڕستەدا بەرچاودەکەوێ، بەڵام لە زمانی شیعرییدا ئەو پێوەرە یاسایی و ڕێکەوتنە زمانییە زۆر بەکەمی بەرچاودەکەوێت.

2- لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا لادان لەنێو بۆتەی دەقی شیعرییدا بەرچاودەکەوێ، بەڵام لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە، بۆیە ناتوانرێ پێوەرێکی جێگیر و دیاریکراو بۆ لادانی شیعریی دابنرێت.

3- دڵشاد مەریوانی شاعیر هونەرمەندانە توانیویەتی سوود لە زۆرێک لە جۆرەکانی لادانی شیعریی وەربگرێت و لە بنیاتی دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگی پێ بداتەوە بەتایبەتیش لەڕووی لادانی وشەسازی و واتاییەوە، ئەمە جگە لەوەی هەندێک وشەی کۆنی سواویشی زیندووکردووەتەوە و جارێکی تر هێناویەتییەوە نێو فەرهەنگی شیعری کوردی.

4- شان بە شانی شاعیرانی سەردەمەکەی، شاعیر بەهۆی سوودوەرگرتن لە تەکنیکی نوێ و لادانی شیعرییەوە ئەلبومە شیعرییەکەی هێندەی تر دەوڵەمەند کردووە و توانیویەتی خوێنەر بەلای دەقە شیعرییەکانیدا ڕابکێشێت.

**15. سـەرچاوەکـان:**


یەکەم. دیوان:

مەریوانی، دڵشاد1999، کۆکردنەوە و چاپکردنی (مەریوان محەمەد ئەمین)، چ1، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

دووەم. کتێب:

1. به زمانی کوردی:

- مەحمود، ئازاد ئەحمەد(د) 2009، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا 1985- 2005، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ئەدۆنیس2007، ئەفسوونکاری وشەکان، و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، چاپخانەی منارە، هەولێر.
- ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز(د) 2003، سیمای شیعری کوردی دوای ڕاپەڕین 1992-2002 دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- حاجی مارف، ئەوڕەحمانی(د) 1986، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، چاپخانەی (عەلا)، بەغداد.
- برزو، ئومێد بەرزان(د) 2011، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس(د) 2013، شێوازگەری لادان، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس(د) 2010، شێواز و شێوازگەری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- کانەبی، دلێر سادق2009، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد (ئەنوەر مەسیفی- نەوزاد ڕەفعەت- فەرهاد پیرباڵ)، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- ئەحمەد، سافیە محەمەد2013، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحید مشیر(د) 2009، واتاسازی، هەولێر.
- یەعقوبی، عەبدولخالق2008، لە کلتورەوە بۆ ئەدەبیات، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- یەعقوبی، عەبدولخالق2003، دەنگی بلورینی دەق، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، عەبدولسەلام نەجمەدین2008، شیکردنەوەی دەقی شیعریی لەڕووی زمانەوانییەوە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- مەحمود، فازیل مەجید(د) 2007، سروشت لە شیعری گۆراندا، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- فەتاح، محەمەد مەعروف(د) 1990، زمانەوانی، چاپخانەی (دارالحکمة)، هەولێر.
- فەتاح، محەمەد مەعروف(د) 2010، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەی شیروان حسین خۆشناو، شیروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- سەعید، ناز ئەحمەد2013، لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

2. بە زمانی عەرەبی:

- کوهن، جان1986، البنیة اللغة الشعریة، ت: محمد الولی و محمد العمری، دار تبقال للنشر، الدار البیضاء، ط1.
- کوهن، جان1999، اللغة العلیا، النظریة الشعریة، ت: احمد درویش، المجلس الأعلی للثقافة، ط2.
- المبارک، محمد رضا1987، اللغة الشعریة في الخطاب النقدي العربي، دار الشؤون الثقافیة، بغداد.
- اطمیش، محمد(د) 1982، دیرالملک- دراسة نقدیة للظواهر الفنیة في الشعر لاعراقي المعاصر، مطبعة دار الرشید، بغداد.

سێیەم. نامەی ئەکادیمی:

- میرزا، ئاڤان عەلی2008، چنینی دەق لە شیعرەکانی نالیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- قادر، خانزاد عەلی2004، زمانی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.
- کاکی، حەمەنوری عومەر2009، شێوازی شیعری نوێی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست)1920-1970، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- ئەحمەد، سافیە محەمەد2013، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا1980- 1991، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.
- محەمەد، شەیدا ڕەشید2016، شێواز لە شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس)دا قۆناغی دوای بزوتنەوەی ڕوانگە، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

چوارەم. بڵاوکراوەکان:

- کەمال، دیار عەلی2000، ڕۆڵی زمان لە شیعردا، گۆڤاری کاروان، ژ: 151.
- دیالۆگ2000، گۆڤاری ڕامان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- فەتاح، محەمەد مەعروف(د) 2007، زمانی شیعر- ڕوانگەیەکی زمانەوانی و پراگماتیکی، کۆلێجی زمان، گۆڤاری ژ:2، هەولێر.

**الأنزياح الشعري في النصوص الشعرية للشاعر "دلشاد مەريوانى"**

**عطا رشيد حسين**
جامعة السليمانية، كلية التربية الاساسية،
قسم اللغة الكردية

**عادل رشيد قادر**
جامعة السليمانية، كلية التربية الاساسية،
قسم اللغة الكردية

**ملخص**

هذا البحث الذي يحمل عنوان (الأنزياح الشعري في النصوص الشعرية للشاعر "دلشاد مەريوانى"). نحن نرتأي نمطا من الانسجام والتناغم بين مكونات الجملة و فق المعايير والقواعد النحوية المتاحة للغة المنتقاه (كالتي تنشأ بين المسند والمسنداليه و المتمات)، و لأداء الوظائف النحوية، وفي هذه تتدنى من النصوص النثريه، ولكن هذه التوافقات لاتتاتى ولاتساير القطع الشعريه او بالاحرى تتضاءل اتضاحا في المتون الشعريه، حين أن ظواهر التقديم والتأخير ولأنزياح الشعري تتلاعب بهذه القواعد و الاحكام كيفما يشاء. و تنخر بالمقايس النحويه و تؤثر على الحيثيات الكيفية في الشعر الحديث، حيث تتحول الى اسس جمالية بقيم شعريه، و في نفس المسار والمنحى تكون خطوات نقديه و معرفيه، و تحاول العاد النقد عن سطوة النقاد، و تؤمن فضاءا واسعا للقراء، وبهذا توفر هذه النصوص أرضيه ضحبة لمستوى الانزياح في معارج النصوص لاشعرية. يقع هذا البحث في مبحثين، حيث ارتأى الباحثكان في الفصل الاول النصوص في التعرف بضامين و مفاهيم الانزياح و اجنابها و انماطى. وننفرد الفصل الثانى بتطبيق ماورد في طيات الفصل في أتون اشعار الشاعر (دلشاد مريوانى) و ينختم البحث بعدد درج النتائج، تصفيف المصادر المستفادة منها في مضامين البحث.

**Poetic departure in Dilshad Mariwanis Poetries**

**Atta Rashid Husein**
University of Sulaimani, college of basic education,
Kurdish Language Department

**Adil Rashid Qadir**
University of Sulaimani, college of basic education,
Kurdish Language Department

**Abstract**

This research which entitled (Poetic departure in Dilshad Mariwanis Poetries), shows a pattern of harmony, or concord between the components of the sentence, according to the standard and grammatical rules available for that language (such as those that arise between the predicate, subject and complement), and to perform grammatical functions, and this decline of prose texts, but these harmonies and concords do not come, and do not match poetic pieces or rather it is diminishing where the phenomena of submission, delay and poetic displacement, or departure do these provisions as they please and even destroy or break down grammatical scales and affects the qualitative aspects of modern poetry, where there turn in to aesthetic foundations, in the some directions are critical steps, and trying to save critical from authority of critics. It gives ample space for readers. Thus these poetic texts allow fertile ground to him. The research falls in to two chapters; the first one contains the definition of the concept of departure and its types and patterns. Chapter two is the applications cover the contents of chapter one. We conclude the research after posing important results and layout the resources.

**Keywords:** Poetic departure, Dilshad Mariwanis, Poetries.